# کوردەواری لە پەنا سێبەری چیای فووجی دا

ئا: چرا ئیسماعیل

لە ماوەی نێوان ۱۹-٤ تا ۲۰۰۱/٥/٤ لەسەر داوەتی ئەم ڕێکخراو و ناوەندانە:

1-Japan Fondation
2-National organization of local home libraries for parents and Children's reading
3-Childern's Culture Institute
4-Kumon Publishing
5-Nashi-no-ki sha publishing
6-JBBY, Japanes Board on Books for young people

و باڵوێزخانەی بەلژیک لە تۆکیۆ، «ئامانج شاکەلی» سەردانیکی ژاپۆنی کرد. لەو ماوەیەدا جگە لە ۸ سمینار لە فێرگە سەرەتاییەکانی شارەکانی تۆکیۆ و کاواساکی، دوو سیمیناری لە تۆکیۆ و ئۆساکا کە دووەم شاری ژاپۆنە، بە ناونیشانی:

The sight of the world through the children's books: international symposium by children's books writers with Amanj Shakely

بۆ ساز درا. سەردانەکە و سمینارەکان بە بۆنەی چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی زەردەخەنە بوو، ئەم کتێبە پێشتر بە زمانەکانی کوردی، فارسی و هۆڵەندی، لە سوید و ئێران و بەلژیک چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ڕۆژی ۲۱-٤یش لە کتێبفرۆشییەکانی ژاپۆندا دەست بە فرۆشتنی کرا. دەبێت بشگوترێت کە لە سەدا چلی قازانجی فرۆشتنی هەر دانەیەک، لە ڕێگەی ڕێکخراوی شنەبای ئاشتی، بۆ یارمەتی منداڵانی کوردستان خەرج دەکرێت. کتێبەکە لە لایەن خاتوو ئیتسوکۆ نۆزاکا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ژاپۆنی و لە لایەن پەخشخانەی ناشی نۆ کیشا پەخش کرا. شایانی گوتنە خاتوو نۆزاکا پێشتر کتێبی (پەپوولەیەک بەسەر پەنجەرەکەوە)ی وەرگێڕابوو و ساڵی ۱۹۹۹ لە لایەن پەخشخانەی کیومۆنەوە پەخش کرا. ئەم کتێبە تا ئێستا بە زمانانی هۆڵەندی، ئاڵمانی و ژاپۆنی بڵاوبۆتەوە.

سیمیناری تۆکیۆ ڕێکەوتی ۲۰۰۱/٤۲۱ سەعات یەکونیوی نیوەڕۆ تا پێنجی ئێوارە لە باڵەخانەی Tokyo Metropolitan Art Space بەڕێوە چوو. ئەم نووسەر و ڕەخنەگرانەی تێدا بەشدار بوون:

۱ ـ پیۆن کی جا، نووسەر و وەرگێڕی کۆریایی.
۲ ـ کیدۆ نۆریکۆ، نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی ژاپۆنی.
۳ ـ ئیتسوکۆ نۆزاکا، وەرگێڕ و ڕۆژنامەوان.
٤ ـ ئیتسوکۆ شیندۆ، نووسەر و ڕۆژنامەوان.

ئامادەبووان ۸۰ کەس.

سمیناری ئۆساکا ڕۆژی ۲۰۰۱/٤/۲۲ سەعات دووی نیوەڕۆ تا پێنجی ئێوارە لە هۆڵی میوانداریی کتێبخانەی ناوەندیی شار ساز درا و ئەم نووسەرانەی تێدا بەشدار بوون:

۱ ـ مارینا ک. جۆرنبی، نووسەر و لێکۆڵەرەوەی ئەمریکایی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا.
۲ ـ هیکۆ تاناکا، نووسەر و ڕەخنەگری ژاپۆنی.

ئامادەبووان ۱۰۰ کەس.

لە هەردوو سیمینارەکەدا کورتەیەکی مێژووی تازەی کوردستان پێشکەش کرا، لەگەڵ نیشاندانی ژمارەیەک سلاید سەبارەت بە شەڕ و ژیانی منداڵان لە کوردستاندا و کورتەفیلمێکی ڤیدیۆیی هەڵپەڕکێی کوردی پاش محازەرەی بەشداران، ماوەی پرسیار و وەڵام دەستی پێکرد. لە کاتی حەسانەوەشدا چەند پارچە میوزیکی کوردیی کاری هونەرمەند دڵشاد، بە سی دی لێدرا کە مایەی ڕەزامەندی سەرنجی ئامادەبووان بوو.



ئیستوکۆ نۆزاکا به جلی کوردییەوە
بۆ منداڵان دەدوێ

ئامانج ئەو سی دییەی پاشتر بە دیاری پێشکەش بە ئامادەکەرانی سمینارەکە کرد.

لەبەر ئەوەی هەردوو سیمینارەکە لەسەر یەک بابەت بوون، ئەوەندەی پێم بکرێت ڕووداوەکانیان وەک ڕاپۆرتێک دەنووسمەوە و هیوادارم مایەی سەرنج و سوودی خوێنەران بێت.

سمیناری تۆکیۆ بە وتەیەکی کورتی ژنەنووسەری ژاپۆنی ئیتسوکۆ شیندۆ دەستی پێکرد کە تێیدا بەخێرهاتن و سوپاسی ئامانج شاکەلی کرد هیوای خواست کە سمینارەکە دەروازەیەک بێت بۆ باشترناسینی کۆمەڵگەی کوردەواری. خاتوو شیندۆ کە ۱۰ ساڵ لەمەوبەر گەشتێکی بە تورکیا و کوردستانی بندەستی باکووردا کردووە و گەشتنامەیەکی بە ناونیشانی گەشتی شنەبا ساڵی ۱۹۹٦ لە تۆکیۆ بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا بە درێژی باسی ژیانی ژنان و منداڵانی کورد و داب و دەستووری کوردەواری دەکات. ئەمجا ئامانج شاکەلی محازەرەکەی لە ژێر ناونیشانی (گەشتی خەون، سنووری ئازادی) پێشکەش کرد:

"بەڕێزان! ئەمە جاری دووەمە سەردانی وڵاتە جوانەکەتان دەکەم و بە دیداری ئێوەی میوانپەرێز شاد دەبمەوە. ئێستاش، هیوادارم پێکەوە گەشتێکی کورت بە مەودای خەونەکانمدا بکەین.

منی لەسەر زەویی شەڕ بە باڵابڕاوی لە ئاشتی دوورەوە هاتوو، بە زەحمەت دەمکرێت لە ژیانی ڕۆژانە و نووسینەکانیشمدا مەودایەکی بەرچاو لە شەڕ و نائارامیی بگرم. شەڕ و نەهامەتییەکانی لە ناخەوە هەژاندوومی و پێم وانییە، بە هاسانیش دەست لە یەخەم بکاتەوە. ئەمەش سەرێشەی زۆربەی نووسەرانی ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە تێوەگلاوی شەڕن. بەڵام لەوەش خراپتر، تێوەگلانمانە بەوەی پێی دەگوترێت ئەدەبی بەرهەڵستکاری. ئەم تەرزە ئەدەبە، تەمەنکورت و بە ئەرک و داهێنەرکوژ و وشەخنکێنە. کەچی خۆشمان بێت و ترشمان بێت، دەبێت شانی وەبەر دەین و بۆی ببین بە داردەست و پرد و سەنگەر. ئەگینا، بە سووکی داوێژرێینە خانەی نووسەرانی قەڵەمفرۆش و ترسنۆکانەوە. چونکە، کاتێک دوژمنێکی ملهوڕ، خاک دەسووتێنێت، خوێن دەڕێژێت، نووسینی بابەتی دڵداری یان هەر بابەتێکی دیکە، تابڵێی ناشیرین و ناساز وەبەر چاو و گوێ دەکەوێت.

بە خۆشییەوە ساڵانێکی دوورودرێژە کە شەڕ ژاپۆنی بە جێ هێڵاوە و هیواداریشم هەرگیز ڕێی تێ نەکەوێتەوە، ئێستا ئێوەی نەوەی بە ئاشتی گۆشکراو دەستتان داوەتە قەڵەم. دیارە دەربارەی شەڕیش شتتان نووسیوە و دەشنووسن. بەڵام ئێوە لە ڕێگەی فیلم و دۆکیومێنت یاخود لە زاری باوک و دایکانتانەوە شەڕتان ناسیووە. نووسینەکانی ئێوە نەرم و ئارام، تا ڕادەیەک بە وێڵ و شەرماوین. بە پێچەوانەوە نووسینی ئێمەمانان توند و ڕەق، لە هەمان کاتدا سادە و بێ ئارایشتن. دیارە ئەوەش بەرەنجامێکی سروشتیی دەوروبەرەکەمانە. ژیانی ڕۆژانەی ئێمە ترس و تۆقاندن و خوێنڕشتنە.

بەڵام ئایا کام شێوازە بۆ نووسینی ئەدەبی منداڵان گونجاوترە؟

دیارە خۆ دزینەوە لە ڕاستییە مێژووییەکان و شاردنەوەیان و باسنەکردنیان بۆ منداڵان زیانی بۆ پەز هەیە، لە هەمان کاتدا دەبێت تەوریێ باس بکرێن کە نەبنە هۆی تۆقاندن و دوورکەوتنەوەیان لە خوێندنەوە و گەڕان بە دوای ڕاستییە مێژووییەکاندا.

نووسینەکانم چ پەیامێکیان بۆ منداڵان پێیە؟ ئەمە یەکێکە لەو دوو پرسیارەی کە زۆرجاران لێم دەکرێن. بێ لێڕامان دەڵێم: "هیچ!" هەرگیز ناشمەوێت ڕۆڵی مامۆستا یان باوکێک ببینم کە بە ئامۆژگاریی ڕەق و وشک سەری منداڵان دێنێتە ژان. خۆم بە منداڵی زۆرم لە دەست ئەو تەرزە ئامۆژگارییە بێ بنەما و بێ تامانە چەشتووە. نووسینەکانم لەسەر بنەمای ڕووداوە واقعییەکان دادەمەزرێنم و بە فەنتازییای منداڵانە دەیانڕازێنمەوە. تەواو وەکوو ئەوەی لە تاریکاییدا دانەمرواریی بریسکاوە دەدۆزمەوەو بە کاوەخۆ ملوانکەیەکیان لێ دەهۆنمەوە. ئیدی خوێنەران بۆ خۆیان سەرپشکن لەوەی چ پەیام یان بەرەنجامێکی لێ هەڵدەکرێنن.

لێشم دەپرسن بۆچی بۆ منداڵان




بەرگی کتێبی زەردەخەنە بە ژاپۆنی

دەنووسیت؟ وەڵامی ئەمەیان زۆر ئاسانە، کورت و کرمانجی دەڵێم: چونکە من ئێستاش منداڵێکی گەورەم! پاش ۳۸ ساڵ تەمەن خۆم وەکوو کەسێک دێتە پێش چاو کە زۆر درەنگ یان ڕەنگە زۆر پێشوەخت هاتبێتە دنیاوە. لە ئاست ئەو هەموو کارەسات و ناهەقییانەدا کە ڕۆژانە ژیانی مرۆ دەکەنە دۆزەخ، دەستەوسانم و هیچیان لێ تێناگەم. بێدەسەڵاتانە دەڕوانمە ئەو بوونەوەرانەی بە ناهەق ناوی مرۆڤیان لێنراوە و لە نەهامەتی و ئازاردانی خەڵکانی دی لەزەت دەبەن. ئەو تەرزە بوونەوەرانە لە دنیای منداڵیی مندا هێشتا زۆریان ماوە بخرێنە خانەی مرۆڤەوە. مرۆڤ نابێت دەروونی خۆی بکاتە کانیی ڕق و کینە. ئازاردانی هاوڕەگەز کردەوەیەکی مرۆڤانە نییە. لە هەموو گرنگتر، مرۆڤ دەبێت لە بنیاتنان و بەرەوپێشبردنی



ئامانج و ئیستوکۆ نۆزاکا بە جلی کوردییەوە

ژیاندا بەشدار بێت، نەک لە ڕاوەستاندن و خاپوورکردنیدا.

ئایا دەکرێت وێرانکردنی هێروشیماکەی ئێوە و هەڵەبجەکەی ئێمە لەپێناو زاڵکردنی هێزیک بەسەر هێزیکی تردا بە کارێکی ڕەوا لە قەڵەم بدەین؟

بە داخەوە لە دنیای ئەمڕۆدا، ئەو هەموو کارەسات و کوشتن و بڕینە بە شتێکی ئاسایی دەزانرێت. نەک تەنها گەورەساڵان، بەڵکوو منداڵانیش گیرۆدەی بڕوا بەو ناهەقییە بوون. هەرچەند لای هەمووشمان ڕوونە: ئەوەی کە ئازادیی زەوت دەکات مرۆڤ خۆیەتی نەک هێزێکی دەرەکی یان ئەفسانەیی.

شەڕ سیفەتێکی نامرۆڤانەیە، تەنانەت گەیشتن بە ئازادییش ڕەوایی شەڕ ناسەلمێنێت، چونکە ئازادیی مافێکی سروشتییە و هیچ کەس و گرووپێک لەو مافە تەرخان نەکراوە. ئیتر خوێنڕشتن و خاپوورکردن بۆ؟ ئەوە چ ئازادییەکە کە هەزاران مرۆڤی لە پێناودا لە ژیان بێبەش دەبن؟ من ئازادییەکم دەوێت کە لەگەڵ سەرجەمی کەسوکار و خۆشەویستانمدا تێیدا بژیم.

بۆ ئەم ڕۆژگارە خەونەکانم زۆر دوورە واقیعن، بەڵام من لەسەر خەونبینین بەردەوام دەبم، چونکە هەرچۆنێک بێت زیانیان بۆ کەس نییە.

سوپاستان دەکەم."

پاشان ژنەنووسەری بە ڕەگەز کۆریایی خاتوو پیۆن کیجا بەراوردیکی سەبارەت ژیانی منداڵانی کۆریا لە سەردەمی شەڕی کۆریا و باری ئێستای منداڵانی کۆریای باکووری لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکی زەردەخەنەی «شاکەلی»دا پێشکەش کرد.

پاشان ژنەنووسەر و ڕەخنەگری ژاپۆنی باسێکی بە سەردێڕی مەرگ و ژیان لە چیرۆکەکانی شاکەلی دا پێشکەش کرد:

"کە چیرۆکەکانی شاکەلی دەخوێنمەوە، دەڵێی کوردستان بە شاخ و دەشت و ڕووبارەکانییەوە، بە منداڵانی چاوگەش و ژنانی دڵسۆز و پیاوانی ئازاوە لە ماڵەکەمدا میوانن. بە داخەوە ئەوان هەموویان تارمایی ترسێکی هەمیشەییان بە سیماوە دیارە. ژیان و مەرگ لە لای شاکەلی زۆر لێک نزیکن، دەڵێی بۆسەیان بۆ یەکتر ناوەتەوە. پاڵەوانی چیرۆکەکانی سەرسەختانە، لە تاریکترین شەوەزەنگدا بە دوای ترووسکەی هیوادا دەگەڕێن.

خۆزگە ڕۆژگارێک دەهات کە شاکەلی بە وشە ئارام و ڕستە گەرمەکانی، چیرۆکی شادی هەمیشەیی لە کوردستاندا بۆ دەگێڕاینەوە."

ئەمجا خاتوو ئیتسوکۆ شیندۆ ژمارەیەک دیمەنی کوردستان و ژیانی کوردەواری بە سلاید پێشان دا و بە کورتیش باسی کات و جێگاو هەل و مەرجی دیمەنەکانی کرد.

هەرچی سیمیناری ئۆساکاشە، پاش ئەوەی شاکەلی محازەرەکەی پێشکەش کرد، نووسەری ژاپۆنیی هیکۆ تاناکا تێبینییەکانی خۆی ئاوا دەربڕی: "بە لای منەوە باشترین چیرۆکی منداڵان چیرۆکێکە بە زمانی منداڵ و لە ڕووانگەی منداڵەوە نووسرابێت. لە هەمان کاتیشدا چیرۆکەکە بۆ گەورەساڵانیش بشێت. چیرۆکی پەپوولەیەک بەسەر پەنجەرەکەوە بە زمانێکی منداڵانەی ساکار، خۆش و لەبەردڵان، لە هەمان کاتدا بەهێز و پتەو گوزەرانی منداڵێکی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئێمەی ژاپۆنی زۆری لێوە فێر دەبین. چیرۆکی زەردەخەنە بە ڕستەی کورت، نەرم و خەماوی و شێوازیکی بەهێز داڕێژراوە. نووسەر زۆری تەقەللا داوە هەستی خۆی وەکوو گەورەساڵێک پەنا بدات و لێنەگەڕێت تارماییان لەسەر دیمەنەکانی چیرۆکەکە دەرکەوێت. بەڵام جار بە جار، لێرە و لەوێ، ئەو هەستە بە ئاشکرا دەردەکەوێت. ئەم چیرۆکە وا لە منداڵان دەکات زیاتر سەبارەت شەڕ و نەهامەتییەکانی بخوێننەوە. لە نووسینەکانی «شاکەلی»دا زمانی گاڵتە لە خەمێکی قووڵەوە سەرچاوەیان گرتووە. ڕستە کورت و گەرمەکانی فەنتازیای خوێنەر دەوروژێنێت و سەرمەستی خوێندنەوەی دەکات. من تەنیا دوو چیرۆکی شاکەلیم خوێندۆتەوە. هیوادارم لە داهاتوودا بەم جۆرە نووسینانە دنیای ئێمە گەرم دابێنیت."

هەروەها ژنەنووسەر و توێژەرەوەی ئەمریکایی خاتوو مارینا ک. جۆرنبی بۆچوونەکانی خۆی بەم جۆرە خستە ڕوو:

"من هەرگیز شەڕم نەدیووە، خۆم و منداڵەکانم لەو بارەیەوە زۆر بەختەوەرین. لە سەردەمی شەڕی جیهانیی دووەمدا، مامێکم لە لایەن ژاپۆنییەکانەوە بە دیل گیرابوو. پاش تەواوبوونی شەڕ ئازاد کرا و گەڕایەوە. لەڕ و لاواز و بنێس بوو. دیارە ژنەکەی گەلێک بە گەڕانەوەی شاد بوو. ئەمە تەنیا یادگارییەکە لە خێزانەکەی ئێمەدا کە پەیوەندی بەو دەمەوە هەبێت.

شاکەلی لەگەڵ شەڕدا ژیاوە و وەکوو پێدەچێت ئەم زۆر درەنگ لەگەڵ ئاشتی و ئارامیدا ناسیاوی پەیدا کردووە. سەبارەت بە چیرۆکی پەپوولەیەک بەسەر پەنجەرەکەوە، دەڵێم چیرۆکێکی جوانە، بە زمانێکی هێمن و ڕەوان نووسراوە، بەڵام چیرۆکی زەردەخەنە تووشی سەرسامییەکی مەزنی کردم. وەکوو لە بانێکی بەرزەوە بکەومە خوارێ یەکسەر خۆم لە دنیایەکی پڕ لە خەم و شەڕەنگێزیدا دۆزییەوە. سەرەتا زۆرم بیر کردەوە (ئەم چیرۆکە بۆ منداڵان دەست دەدات؟ تۆ بڵێیت نەبێتە هۆی ترساندن و تۆقاندنیان؟) پاشان بیرم کەوتەوە کە ژاپۆنییەکان بۆ خۆشیان چیرۆکی لەم بابەتە دەنووسن. سەرەتای ئەم چیرۆکە بەلای منەوە زۆر گرانە، خوێنەر لە ناخەوە ڕادەتەکێنێت، بەڵام کۆتاییەکەیم بەلاوە جوانە. نیگارەکان زۆر جوانن، زۆر ژاپۆنیین! نیگارکێشەکە لە ناساندنی کەس و جێگاکاندا سەرنەکەوتووە. خۆزگە نیگارەکان ڕوونتر و ئاشکراتر دەکێشران. ئەم چیرۆکە زۆر بە پەلە نووسراوە. نووسینی ئاوا بابەتێک دەوروبەرێکی ئارام و ئاسایی دەوێت، دیارە شاکەلی لە دەمی نووسینی ئەم چیرۆکەدا لەو دەوروبەرە بێبەری بووە."

لە هەردوو سیمینارەکەدا ژمارەیەکی زۆر پرسیار کران، هەروا لە فێرگەکانی تۆکیۆ و کاواساکیشدا پرسیاری زۆریان لە شاکەلی کرد. لێرەدا هەڵبژاردەیەکی پرسیار و وەڵامەکان دەنووسمەوە:

ل٤١